
عێراق بانگهێشتنامەیەك ئاراستەی سەرۆك كۆماری لوبنان دەكات بۆ بەشداریكردن لە لوتكەی عەرەبی



وەزیری ڕۆشنبیری ئەحمەد فەكاك بەدرانی، بانگهێشتنامەیەكی پێشكەش بە جێزیف عەون سەرۆكی لوبنان كرد بۆ بەشداریكردن لە لوتكەی عەرەبی.

بەدرانی لە بەیاننامەیەكدا باویكردەوە: سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی لەگەڵ جێزیف عەون سەرۆكی كۆماری لوبنان لە كۆشكی سەرۆكایەتی كۆماری لوبنان كۆبوونەوە.

ئاماژەی بۆشكرد: بانگهێشتنامەیەكی ڕادەستی سەرۆكی لوبنان كرد بۆ بەشداریكردن لە لوتكەی عەرەبی كە بەیار 17ی ئایار لە بەغدا بەڕێوەبچێت.